# دەنگ دان بەدەستوور، دەنگدانە بەبڕیاری گیرانەوەی بەزۆری پەنابەرانی کوردو عیراقی !

پەیامی دەشتی جەمال سکرتێری فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی/ بریتانیا، بۆپەنابەران بەبۆنەی هاتنە پیشەوەی رۆژی دەنگدان بەرەشنووسی دەستوور

## پەنابەرانی ئازیز:

هەروەك ئاگادارن چەند رۆژی تر سەرئەنجامی هەوڵەکانی ئەمریکا و حیزب و لایەنە دەست و پیوەندەکانی، بەوە دەگات کە خەڵکی بکیشنە بەردەم صندووقەکانی دەنگدانەوە بۆرەشنووسی دەستوور. لەم بارەشەوە دەبینین رۆژانە دەزگاکانی راگەیاندنی یەکیتی وپارتی سات بەسات لە کاردان بۆ فریودانی خەلکی کوردستان وهاندانیان تا دەنگ بەدەستوریك بدەن کە لەدژی ژیانی ئیستاو داهاتوویانە. دەستورێك کەهەویەتی فاشیستی و قەومی وئیسلامی دەکات بەبەرگی کۆمەلگای عیراقدا و بەناوی "دیموکراسی و فیدرالیزم"وە ماف و ئازادی یەکانی خەلك دەسپێری بەرقەبەریتی قەومی و تایەفەگەری و دەیخاتە ژیر رەحمەتی شمشیری شەریعەتی ئیسلامەوە. ئەمەلە لەکاتیکدایە کە خەلکی کوردستان و عیراق بەدوای نەمانی رژیمی فاشیستی بەعسدا ئومیدیان ئەوەیە کە دەرگا بەرووی داهاتوویەکدا بکریتەوە کە ژیانی ئەوان لە بەلای شەری قەومی و سەرکوت و تیرۆری ئیسلامی و شەریعەتەکەی دەرکێشی. بریار بوو خەلکی کوردستان دوای تەحەموول کردنی ئەو هەموو میژووە خویناوی و پردەردەسەرییە نەبنەوە هاولاتی پلەدوو وەنەخرێنەوە ژیر سایەی دەولەتیکەوە کەئەوان لەگەل بەلای ستەمی قەومی بەرووودەکاتەوە.

یەکیتی وپارتی بەپیچەوانەو بەدوور لە ئیرادەی خەلکی کوردستان و کۆمەلگای عیراقەوە ئەمجارەش بۆ مەرامەکانی خۆیان و بۆقازانج وەرگرتنی پلەوپایە لەدەولەتی تازەی عیراقدا ریگای پەلکیشکردنی کوردستانیان بۆ ژیر سایەی دەولەت و رژیمێك گرتۆتەبەر کە دەستورەکەی بەهیچ کلوجیك دان نانیت بە مافی بریاردانی خەلکی کوردستان بۆ دیاری کردنی چارەنوسی خۆیان لەریفراندۆمیکی ئازادانەدا، تەنانەت مافە فەردی و مەدەنییەکانی خەلك خراوەتە گرەوی قەبوولکردنی پیوانە ئاینییەکانی ئیسلامەوە.ئەوەتا خراپتر لەمەش یەکیتی وپارتی بۆ بردنەپیشەوەی سیاسەتی فریوکاریان پروپاگەندەی ئەوە بلاودەکەنەوە کەگوایە دەنگدان بەدەستوور مافەکانی خەلکی کوردستان بەدی دیت و هاوکات ئەمنەیەت و ئارامی بۆ خەلکی عیراق دەگێریتەوە!! لەکاتیکدا بۆ هەمووان رۆشنە کە ئەم قسانە بازاری رۆژی ئەوان و بلاوکردنەوەی تووی خۆشخەیالی و هیچ راستییەکی تیدانییە!

ئەم دەستوورە کەلەژیر سایەی داگیر کاری ئەمریکا و جەنگ و کوشتار و تیرۆریزم و نائارامی دا و لەسەرو ئیرادە و دەخالەتی خەلکەوە نوسراوە، نەك ناتوانی وەلامی کیشەکانی ئیستای کۆمەلگای عیراق بداتەوە بەلکو شەرعیەت بەشەرو داگیرکاری و ویرانکاری دەدات و نائارامی وبەلای شەری نیو خۆی بەدواوە دەبیّ. تائەوجیگەیەشی بە مافەکانی خەلکی کوردستان و داهاتووی کوردستان دەگەریتەوە، ئەم دەستوورە کەلەسەرو پرس و رای خەلکی کوردستانەوە نوسراوە و لەسات و سەودای نیوان تالەبانی وبەرزانی و سیستانی و جەعفەری و چەلەبی و دەیان سەرۆك عەشیرەت و تایەفەدا نوسراوە تەنها بەرژەوەندی یەکیتی وپارتی و راگرتنی دەسەلاتی ئیستا و داهاتووی ئەم حیزبانەی لەخۆگرتووە و لەبنەرەتەوە پیلانیکە بەدژی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان. لەلایەکیتریشەوە پروپاگەندەی یەکیتی وپارتی بۆ دەنگدان بەم دەستوورە کەگوایە ئارامی و دیموکراتی بەدوای خۆیدا بۆ خەلکی کوردستان و عیراق دینی، راستەوخۆ دەستی دەولەتانی ئەورووپا و دەولەتی بەریتانیا بەسەر پەنابەرانی کوردو عیراقی دریژ دەکاو بەهانەی ئەوەیان پیدەدات کەشەپۆلی گرتن و دیپۆرتکردنەوەی بەزۆری پەنابەران بەری بخەن وبلین ئەوەنییە کەیەکیتی وپارتی خۆیان دەڵین عیراق ئەمنەو دەستوور دیموکراتی هێناوەتە ئاراوە! .. بەپێچەوانەوە ئێمە با ریگە نەدەین ئەم کاسەیە لەسەری ئیمە پەنابەران و کەسوکارمان لەناوخۆی کوردستان و عیراقدا بشکیتەوە، با ریّگا نەدەین بەخاتری ئەوەی یەکتی وپارتی بەناوی درۆی "فیدرالیزم و مافەکانی نەتەوی کورد"وە بەرژەوەندییەکانی خۆیان و دەسەلاتەکانیان لەسەر حسابی گیرۆدەکردنی ژیانی کەسوکارو یەك کۆمەلگا بە بەلای ئیسلامی وقەومی و شەروکوشتار بەرنە پیشەوە، بـا ریگەنەدەین ئەم جارەش ژیانی ئیمەی پەنابەران ببیتەوە قوربانی درۆ ودەلەسەکانی یەکیتی وپارتی و هەرەشەی دیپۆرت و زیندانی کردن و پەلامار بۆسەر مافەکانی پەنابەران لەلایەن دەولەتانی ئەورووپاوە بەرەوروومان نەبیتەوە.

## ئازیزان:

گەرانەوەی ئازادی و ئاسایش و بەختەوەری بۆخەلکی عیراق و کوردستان لەریگای ئەم دەستوورە و سیاسەتی تالەبانی وبەرزانی و هاوپارانیان لە نەتەوەپەرستانی عەرەبی و کۆنەپەرستانی ئیسلامییەوە کەلەژیر سیبەری تانك و تۆپی ئەمریکاو بریتانیا راوەستاون بەدی نایەت. ئیمەیەك کە بیرەوەری تالەکانی رۆژانی ئاوارەی وسەختی رێگاکانی تورکیاو یوونان وبرینی دەریاو حەقلی ئەلغام وسەختی ئەو رۆژگارانەمان لەبیر نەچوتەوە و بەهەر نرخیك بووە خۆمان لە جەهەنەمی برسیتی و کوشتارو شەرو تیرۆرو سەرگەردانی رزگارکردووە، نابی نەك بەم قسانەی یەکیتی وپارتی بروابکەین، بەلکو دەبیّ بەهەموو تواناماناوە بۆ بەشکست کیشانی دەستوور و ئەو سایەتانەی لەپشتیەوە راوەستاوە لەهەولدا بین، دەبی بەهەرشیوە و لەهەر ئاستیکدابیت، دەنگی نـا ووتن بۆ رەش نووسی دەستوور بەرزکەینەوە و نارەزایەتی لەبەرامبەردا بگرینەبەر، نابی ریگابدەین کەسوکارمان براو باوك و هاوری و ئازیزانمان بکەونە نیوداوی ئەم

دەستوورەوە. بەڵكو دەبێ هانیان بدەین و بۆیان روون کەینەوە کە پەنجەی نــا ووتن بۆ ئەم دەستووره بەرز کەنەوە. ئەرکی هەر یەك لەئێمەیە کەبەرامبەر بەخەتریك کەئەم دەستووره بەدوای خۆیدا دەی هینی راوەستینەوە. بەدەنگدان بەم دەستووره ئەوە یەکیتی وپارتی نییە زەرەر دەکەن بەلکو ئەوە ژیانی ئیمەی پەنابەران و کەسوکارمانە کەلەکوردستان و لەدەرەوەی وولات زەرەرمەند دەبێ ..

من وەك دەشتی جەمال لێرەدا و لەروانگەی قازانج و بەرژەوەندی ئێوەوە دەمەوێ ئەوە بەئیوە بلێم کە هەموو ئەو پروپاگەندانەی یەکیتی وپارتی بۆدەستوور و حکومەتی ئایندەی دەیکەن گۆایە قازانجی خەڵکی کوردستانی تێدایە ومافەکانی خەڵکی کوردستانی تیا دەستە بەرکراوە، نەك هەر ئیدعایەکی پوچ و بێ بناغەیە بەڵکو( جیابوونەوەی کوردستان ) دەکاتە تاوان ،بە سیاسەتی گرێ دانەوەی کوردستان بە حکومەتێکی ئیسلامی و قەومی لەعیراقدا ،حکومەتێ کە دینی ئیسلام دەکاتە سەرچاوەی یاساو و مافەکانی خەڵك وکویلەکردنی ژنان و مندالان وئازادیخوازان. ئەم دەستووره کوردستان دەخاتەوە دەستی اعدام چی و ئەنفال چی و تعریب چی و زیندانی چی و مەلەف چی یەکانەوە ،یەکیتی و پارتی هیچ باکیان نی یە خۆیان لەپێناو قازانج و بەرژەوەندی و کورسی یەکانی خۆیان سەرمایەگوزاری سیاسی بکەن بەژیان و چارەنووسی خەڵکی کوردستانەوە، بۆیە ئەم دەستووەرە دەبێ  بە هاتنە مەیدان و نەخشی ئازادانەی و هۆشیارانەی جەماوەری خەڵکی عیراق و کوردستان و ئێوەی پەنابەر لە دەرەوەی وولات رەت بکریتەوە. ئاخر بۆ دەبێ ژیان وچارەنووسی ئێمە بکریتە قوربانی دەسەلاتەکانی یەکیتی وپارتی کە هیچمان لێ بەدی نەکرد جگەلە فەساد و تالانچیتی و گیرفان پرکردنی سەران و مەسئولەکان و برسیتی و بیکاری و بیخانەولانەیش بۆ زۆربەی خەڵکی، ئاخر چیمان لێبینین جگەلە شەری ناوخۆو تەقەکردن لە خۆپیشاندانی خەڵك و زیندان کردنی ئازادیخوازان و دابەشبوونیك کەبەسەر کوردستانیاندا هیناوە ! ! چیمان لیّبەدی کردن جگەلە تیرۆرو کوشتن و هەلّواسراوی ژیانی کۆمەلاّیەتیمان.. ! !

وولاتانی ئەوورپا و لەپێشیانەوە بەریتانیا زۆر بەپەلەن  لە پرۆسەی بەرێوەبردنی استفتای دەستوور  تا لەو رێگایەوە شەرعیت بە حکومەتێکی فاشی ئیسلامی و قەومی و کۆنەپەرستی بدەن لە عیراق و بەم شێوەیەش سیاسەتی دژ پەنابەری و گیرانەوەی پەنابەران رەسمیت پێ بدەن. ئەوەتا سیاسەتی حملەی رەشبگیر و گرتن و راکیشانی پەنابەرانی کوردی عیراقی بۆ نیو گرتووخانە دەست بەسەرەکان ئەم دواییانە و  و برینی خزمەت گوزاری و لیسندنەوەی خانووبەرو نەدانی مافی نیشتە جێ بوون  لەپەنابەران گیراوەتە بەر ،و گیرانەوەی بەزۆری پەنابەران بۆ کوردستان هەرەشە لە پەنابەران دەکات.

بەناوی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی یەوە کەهەمیشە لە پال سەنگەری پەنابەران و بەرگری لەمافەکانیانی ئیوەدا راوەستاوە، داواتان لێ دەکەم بەم ئیدعایانەی لەسەر دەستوور دەکرێ بروا مەکەن ،ئەگەر ئەم دەولەت و حکومەتە ئیسلام یە لەعیراقدا سەربگرێ ئەوە تەنها ئیمە پەنابەران و خەلکی کوردستان و عیراقە تیا زەرەر مەند دەبین بۆیە دەبی ئەم دەستووره بەهەموو توانامانەوە رەت بکەینەوە. جاریکیتر داوای من لەئیوە ئەوەیە کە بەکەس وکارو دۆستان و ئاشنایانتان راگەیەنن لەکوردستان لەم سیناریوو فریووکارانەیە بەشداری نەکەن..

خەلکی کوردستان ریگای ئازادی و سەربەخۆیی و ژیانیکی باشتریان لەبەردەم دایە  داواکاری بۆ بەرپاکردنی ریفراندۆمیکی ئازادانە بۆ بریاردان لەسەر جیابوونەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەولەتیکی غەیرە قەومی وغەیرەدینی  دەتوانێ زامنی  دەرکیشانی ژیانی ئیستا و داهاتووی خەڵکی کوردستان بێت.

**2005-10-6**